The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*CHAK*
www.chak.info

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd*
*ÇAK*
contact@chak.info

# سەدام بۆ تاوانی دوجەیل ئیعدامکرا, لە سەر تاوانەکانی بەرامبەر کورد سزا نەدرا

**کەس و کاری قوربانیان**
**هاووڵاتیانی خۆشەویست**

ئێمە ئەوەمان چاك دەزانی, بڕیاری ئیعدامکردنی سەدام لەسەر تاوانی دوجەیل, بۆ داهاتووی دۆزی گەلەلەکەمان زیانی گەورەی هەبوو, هەرچەندە ئێمە بۆ ئەوەی دەنگمان تێکەڵ بە دەنگی کۆنە بەعسی و تیرۆریستەکان نەبێت, خۆمان لە هەموو چالاکییەك دژ بەو بڕیارە پاراست.
بەهۆی دڕندەیی لە ڕادەبەدەری سەدامەوە, بەشێکی زۆر لە چین و توێژەکانی گەلەکەمان بە تایبەت کەس و کاری قوربانیان نوقمی خۆشی بوون. ئێستا نامانەوێت ئەو خۆشییە لە ئێوەی بەڕێز بشارینەوە, بۆیە تێکەڵ بە خۆشییەکانتان دەبین و پیرۆزبایتان لێ دەکەین.
هەرچەندە دەمانزانی ئەو بڕیارە هەڵەیە, نابوایا سەدام پێش کۆتایی هێنان بە دۆسییەکانی کورد لە دادگا, سزای لە سێدارەدانی بەسەردا جێبەجێبکرابا, دەبوایا لانی کەم لە هەموو دانیشتنەکانی کەیسی ئەنفال ئامادە بوایا, وەلێ ئێستا کە کار لە کار ترازا, کە سەرکردایەتی سیاسی کورد لە ڕاگرتنی ئەو بڕیارە تاکو کۆتایی دۆسییەکان خەمساردی کرد.
ئێستا سەدام حسێن بە سزای خۆی لە هەمبەر بە تاوانی دوجەیل گەیشت, کە بە شکستێکی گەورەی دەزانین بەرامبەر بە دۆسیەکانی کورد لە دادگا, ئەو شکستەش ئۆباڵەکەی دەخەینە ئەستۆی سەرکردایەتی کورد, سەرباری پیرۆزبایی لە دایکان و باوکان, خوشکان و برایان, کچان و کوڕانی قوربانیان و سەرجەم گەلەکەمان لە کۆتایی هاتنی تەمەنی ئەو دڕندەیە, بۆ مێژوو ئەم داوایانەمان جارێکی دیکە بەرز دەکەینەوە:

- پێویستە دەوڵەتی عێراق و فکری بەعسیزم بەرامبەر بەو تاوانانەی دژ بە کوردیان ئەنجامداوە دادگایی بکرێن.
- جارێکی دیکە داوا دەکەینەوە, هەموو ئەوانەی لە کەیسەکانی ئەنفال و ژینۆسایدکردنی کورددا وەك تاوانبار ناویان هاتووە کە لە دادگای باڵای تاوانەکان بە فەرمی داوامان لە سەریان تۆمار کردووە

"ناوەکانمان لە بەردەستتە,"  لە پێشیانەوە وەفیق سامەڕائی و نەزار خەزرەجی و هەموو ئەو سەرۆك جاش و تاوانبارانەی دەستیان لە تاوانەکاندا هەبووە, دەبێت ڕابکێشرێنە دادگا.

- ئێمە دوای لەسێدارەدانی سەدامیش سوورین لەسەر داواکانمان بۆ بەفەرمی ناساندنی ژینۆساید لە دادگادا و دان پێدانانی لە لایەن دەوڵەتی عێراقەوە، هەروەها دەبێ دەوڵەتی ئێراق بەرامبەر بەو تاوانە داوای لێبوردن لە گەلی کورد بکات.

**ناوەندی چاك**

**2006-12-30**